# ڕێکخراوە و حزبە سیاسییەکان

بۆ نووسینی مێژووی سیاسی بۆکان وناوچەکەی، یەک لە گرنگترین کارەکان ڕاگەیشتن بە مێژووی دامەزران و هەڵسووڕانی ڕێکخراوە و حزبە سیاسییەکان دەبێت لە شار و ناوچەکە.

ژمارەی ئەو حزب و ڕێکخراوانەی وا بە درێژایی سەدەی بیستەم لە ناوچەی بۆکاندا هەڵسووڕاویی حزبییان کردووە، زۆرە. من لێرەدا ئاماژەیەک بە ناوی هەندێکیان دەکەم و هیوادارم هەڵە وپەڵەکانم ساغ بکرێنەوە و ئەوەی وا لەبیریشم چوون، لێی زیاد بکرێت:

1. "جمعیت اتحاد اسلام" (1904)، کە بۆ پشتگیریی عوسمانییەکان لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لە لایەن حاجی بابە شێخی سەیادەتەوە دامەزرا

2. "ئازادیستان" ی شێخ محەممەدی خیابانی و لقەکەی لە موکریان، کە ئەوی تا ئێستا زانرابێت، نەمر سەیفولقوزاتی قازی لە مەهاباد سەرۆکایەتی کردووە و بەگوێرەی ئیرادەتی قازی کاکەحەمەی قزڵجی بە سەیف، دەبێ لقی لە بۆکانیش کرابێتەوە. ئەم حزبە لە هەندێک سەرچاوەدا بە ناوی"حزبی محەممەدی" یەوە ناوبراوە.

3. کۆمەڵەی ژ. ک.

4. حزبی دیموکراتی کوردستان

   - باڵی شۆڕشگێر(1347/ 1346)
   - تاقمی 7 کەسی
   - پەیڕەوانی کۆنگرەی 4
   - حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ
   - حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
   - حزبی دیموکراتی کوردستان

5. حزبی ڕزگاریی کاک سەلاحەددین موهتەدی و نەمر محەممەدی ئێلخانی زادە

6. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان

   - حزبی کومۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)
   - لقی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی

- لقی کاک عومەر ئێلخانی زادە

7. پارتی ئازادی کوردستان (پاک)

8. یەکیەتی شۆڕشگێرانی کوردستان

9. پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)

11. ڕێکخراوە چەپییە سەرانسەرییەکان:

- حزبی توودەی ئێران
- فیدائیانی خەلق:
  - ئەکسەرییەت
  - ئەقەلییەت
  - چریکی فیدایی (ئەشرەفی دیهقانی)
  - راه فدائی
  - و......
- راه کارگر
- سەهەند
- حزبی کومۆنیستی کرێکاری و حیکمەتییەکان
- ڕێکخراوەی پەیکار (کە ئێستا لە حزبی کومۆنیستی کرێکاری دا تواوەتەوە)
- اتحادیه کمونیستها
- ...........

12. ڕێکخراوە ئیسلامییەکان:

- مەکتەبی قورئان
- خەبات
- سەلەفی و وەهابییەکان
- موجاهیدینی خەلق
- ...............

زوربەی ئەو حزب و ڕێکخراوانە، خاوەنی ڕێکخراوەی مەدەنی و سینفی، وەک ڕێکخراوەی ژنان، لاوان، کریکاران، جووتیاران، قوتابیان، مامۆستایان، و بابەتی هاوچەشن بوون یا هەن و بڵاڤۆکی تایبەتمەندیان لەو بوارانەدا بڵاوکردۆتەوە. هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و چالاکییەکانی سەرجەمی ئەو ڕێکخراوانە لە پەیوەندی کوردستان و پرسی کورددا پێداویستییەکی گرنگە. واهەیە هەندێک لەوانە ئێستا هەڵسووڕاوییان نەمابێت، بەڵام لە بڕگەیەکی زەمەنیدا لە کوردستان یا لەپەیوەندی کورد دا بە چاک یا خراپ دەوریان بینیوە و ئەو دەورە دەبێ ڕوون بکرێتەوە.

نووسینی مێژووی ڕێکخراوەکان و ژیننامەی کورتی ڕێبەر و بەڕێوەبەر و بەرپرس و ئەندام و کووژراو و شەهیدانی هەرکام لەو ڕێکخراوانە و ناو و کورتەی ناوەرۆکی بڵاوکراوە و کتێب و نامیلکەکانیان، هەروەها کاروباری پڕوپاگەندە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ماڵپەڕی ئینترنێتیان و .... هتد، ئەرکێکی گەورە و گرانە و واهەیە چەند بەرگ کتێبی سەربەخۆی بوێت. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەوە پێداویستییەکی گەورەیە و ناتوانرێت چاوی لێ بپۆشرێت. گرنگ ئەوەیە بە بێ لایەنگریی یەک لایەن و دژایەتیکردنی یەکی تر، مێژولکەیەکی ڕوونیان بۆ بنووسرێت کە لە سەرەتای دامەزرانی حزبەکەوە تا کۆتایی، خاڵە سەرەکییەکانی بیر وبڕوا و کردەوەیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک و ڕژیمەکانی حاکمدا دەربخات و بزانرێت خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی لە بۆکان و ناوچەکەی دەوروبەری بە کام ئاقاردا تێپەڕ بووە و چ بەرزو نزمێکی بەخۆیەوە دیتووە.

سەبارەت بە حزبە سەرانسەرییەکانیش دەبێ مێژوویەکی کورتی کار وچالاکییان لە دەرەوەی کوردستان بکرێتە دەسپێکی مێژووی بە ووردەڕیشاڵیان لە ناوچەی بۆکان.